# (تابۆ لە پەندی پێشینان)دا

م.سیروان سمین احمد

زانکۆی کەرکوک /کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان

## ملخص البحث

البحث بعنوان (الكلمات المحرمة taboo في الاقوال المأثورة)، يهدف البحث الى الكشف عن الظواهر المحرمة في الاقوال المأثورة في اللغة الكوردية.

من حيث منظور علم اللغة الاجتماعي فأن في كل لغة ما لها مجموعة من الكلمات المحرمة التي لا يمكن لمستخدميها الحرية و الطلاقة والسهولة التعامل مع هذه الكلمات، لانها محرمة التحدث بها بشكل بارز و مفهوم، لذا يمكن الاستعانة بكلمات بديلة عنها بحيث يمكن المتحدثيين أستخدامها بحرية و بشكل أسهل. وتوجد في الاقوال المأثورة في اللغة الكوردية أمثلة كثيرة عن تلك الكلمات المحرمة. و من أهم أهداف هذة البحث الكشف عن تلك الكلمات.

وتكمن أهمية البحث في سعيه الى الوصول الى الكلمات المحرمة في سياقها التاريخي-الأجتماعي، أي بمعنى البحث عن الكلمات المحرمة في المجتمع الكوردي في سياقها التاريخي، ولهذا اقتضى الأخذ بمنهج البحث التاريخي كمنهج أساسي للوصول الى بنية تلك الكلمات المحرمة، وبعدها وصف تلك الكلمات حسب سياقها التاريخي واأجتماعي.

ينقسم البحث الى قسمين، في القسم الأول من البحث عرضنا مفهوم مصطلح الكلمات المحرمة وتعريفها وأنواعها. أما في القسم الثاني، فتناول البحث الأقوال المأثورة كعينة و لعرض الكلمات المحرمة، حيث تم عرض أنواع الكلمات المحرمة في الأقوال المأثورة.

## پـێشـەکـی

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆلینەوەیە بە ناو نیشانی (تابۆ لە پەندی پێشینان) دایە هەولێکە بۆ خستنەرووی دیاردە تابۆییەکان لە پەندی پێشیناندا

**بـابـەتی لێکۆڵینەوەکە.:**

زمان لە گۆڕاندایە، ئەم گۆڕانکارییەش بەردەوام گرفت یان کارئاسانی لە بەکارهێنانی زماندا دێنێتە ئاراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیەش بەشێک لەو گرفت و سنوورانەی قسەکردنی ، ئاخۆ ئاخێوەری کورد چۆن خۆی لەگەڵ دەوروبەری زمانیی خۆی بگونجێنێت و نەکەوێتە بەر تیر و توانجی کۆمەڵایەتی و هەروەها ئاشنایەتی لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردەواریی هەبێت و سنوور و قەدەغەکراوەکان لەڕووی زمانی کۆمەڵایەتییەوە پیشێل نەکات.

**گـرنـگـی لێکۆڵینەوەکە.:**

له ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکەی لەوەدا دەردەکەوێت ، کە بەشێکی باشی چۆنییەتی قسەکردنی چین و توێژە جیاوازەکانی خستووەتە ڕوو و لە گۆشەنیگایەکی زانستییانەوە لە داب ونەریتی کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە .

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

ڕێبازی لێکۆلینەوەکە وەسفی شیکارییە نمونەکان لە پەندی پێشینان وەرگیراون ، بۆ لێکدانەوەیەکی دروستی پەندەکانی پێشینان لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە بەگشتی و تابۆیی و ناتابۆییانەوە بە تایبەتی ، هەوڵدراوە لە ڕووی پراکتیکییەوە سوود لە "میتۆدی مێژوویی " وەربگیرێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چۆنییەتی و سەردەمی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی پەندەکانەوە هەیە، لەڕووی دەروونیشەوە هەوڵدراوە لێکدانەوەیەکی بچووک بۆ پەندی پێشینان بکرێت و باری دەروونی ئەو کەسانە ڕوون بکەینەوە کە پەندەکانیان لەزار کەوتووەتەوە یان دووای بڵاوبوونەوەی پەندەکان، کۆمەڵگەی کوردی چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کردوون و بەکاریان هێناوە و دەهێنیت.

نـاوەڕۆکـی لێکۆڵینـەوەکە :

لێکۆڵینەوەکە لە دووبەشی سەرەکی پێکدێت، لەبەشی یەکەمدا باس لە زاراوەی تابۆ و چەشنەکانی تابۆکراوە لە بەشی دووەمدا باس لە پەندی پێشینان کراوە، بەشێوەی پراکتیکی هەریەکە لەو جۆرانەی تابۆ بە نموونە لە پەندی پێشیناندا ڕوونکراوەتەوە.

بەشی یەکەم/ چەمک و زاراوەی تـابـۆ

لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی ( تابۆ Tboo ) و لە زمانی کوردیدا بە زاراوەکانی (نەشیاو – قەدەغەکراو، تابۆ) بەکاردەهێنرێت ،( تابۆ ) بۆ ناونانی ئەو وتە و ڕەفتارانەی کە لە کۆمەڵگە و کلتوورە جیاوازەکاندا قەدەغەیە و جێگای سەرنجی تاکەکانە و نەشیاوە بۆ بەکارهێنان ،لە ڕووی پەیدابوون و سەرهەڵدانی زاراوەکە لە کلتوری پۆلینزییەوە هاتووە بۆ یەکەمجار Jemes cook لەگەڵ (ولیام ئەندرسۆن ( William andrson وشەی تابۆیان لە ساڵی (١٩٧٧) بەکارهێنا بۆ پەسەندکردنی چەند ڕەفتارێک بەرانبەر چەند شتێک ،کە نەدەبوو بکرێت یاخود دەستی لێبدرێت (Philipp Strazny,٢٠٠٥,٣ ) تابۆ، مەبەست لە سەرجەم ئەو دەربڕینە زمانییانەن، کە دەربڕینیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە لەڕووی کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە شیاو و ڕێگە پێدراو نییە (عەبدالحەمید ،١٤٢،٢٠١٨ ) سەرەتا تابۆ چەمکێکی ئاینی بوو، بەڵام بە گۆڕانی بارە کۆمەڵایەتییەکان و تێپەڕبوونی سەردەمە مێژووییەکان، بەکارهێنانی لە کۆمەڵگادا بۆ ئەو وشەو زاراوانە تابەتمەندکرێت کە تاک ناتوانێت ڕاستەوخۆ و ئاسایی بەکاریانبهێنێت، بۆیە هەوڵدەدات لە جیاتی بەکارهێنانی وشە تابۆکان ئەو وشانە بەکاربهێنێت کە سینۆنیم و هاوواتای یەکترن و بەکار هێنانیشیان ئاسایی و ڕێگە پێدراوە، کەواتە تابۆ زمانییەکان وەکو بەکارهێنانی وشە قەدەغەکراوەکان لەژێر کاریگەری ئاین و کلتور بوون بە قەدەغەکراو و جێگای شەرم و عەیبە و بێرەوشتی، هەروەها تابۆ نازمانییەکان ،کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی تاک بەجۆرێک لە جۆرەکان سنوردار و وابەستەی کۆمەڵێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەکات، لە بنچینەدا هەندێک وشەی زمانیی و هەڵسوکەوتیی نازمانی ئاساییین، بەڵام لە ئەنجامی پەیدابوونی هەژموونێکی ڕۆشنبیری و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و خۆبەدەستەوەدانی کۆمەڵگا بۆ ئەو تەوژمانە لە ئێستادا بوون بە قەدەغەکراو و تاکەکان هەوڵدەدەن خۆیان لەم ململانێیە بەدووربگرن و هاوواتای ئەو وشانە بەکاربهێنن .

چەشنەکانی تابۆ:

یـەکـەم/ تـابـۆی یـەکـلایـەنـە(ڕەهـا ـ بـێـگـومـانی:

ئەم چەشنە تەنیا جەخت لەسەر لایەنی نەرێنی دەکاتەوە بۆ نموونە: (.....)خوی بەدخوو و بەدڕەوشتە، پێویست ناکات پاساوی بۆ بهێنیتەوە هەروەها دەتوانین بۆ تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی ئەم چەشنە بڕوانینە نموونەکانی (سوخواردن،کفرکردن) لەم ڕستانەی خوارەوە:

١. حاجی علی پیاوێکی(سوخۆر)ە.

بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم دەربڕینەی سەرەوە هەمان لایەنی چەمکە تابۆییەکەن کە تەنها جەختکردنەوەیە لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی ئەم چەمکە تابۆییە.(( بۆیە دەربڕینی ئەم جۆرە ڕستانە لە هەر بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیدابێت و لەلایەن هەر قسەپێکەرێکەوە بێت، چەمکە گەیەنراوەکە بریتی دەبێت لە دەربڕینی لایەنە بێزراوییەکانی ئەو مرۆڤە یان ئەو شتە(شاخەوان جەلال،٢٠١٣،١٤٦ )

شیکردنەوەی نمونانەکان جەخت لەسەر ئەم چەشنەی تابۆ دەکەنەوە، کە چەشنێکی تاکلایەنە و هیچ گومانێک نییە لە نێگەتیڤی دەستەواژە گوتراوەکە و واتای نەگۆڕانی ئاراستە نێگەتیڤەکانی ئەم چەمکە تابۆییە لە بارە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی ناو هەمان کۆمەڵگادا، بۆیە ئەم جۆرە دەربڕاوە تابۆییانە بێ هیچ دودڵییەک تابۆی زمانین و گومان ناکرێت لە تابۆییان واتا تابۆی بێگومانین ( Nigel Armstrong,٢٠٠٥,١٢٣)

دووەم/ تـابـۆی دوولایـەن/ ڕێـژەیـی:

وشە هەست دەربڕە زبرەکان لە ڕوانگەی بزاوتنی هەست و نەستەوە دەوڵەمەندن. ئەم دەوڵەمەندییەش وایکردووە بە تێڕوانینی سایکۆلۆژیانە چەمکە تابۆییەکان وا لێکبدرێنەوە کە تەنها بریتی نییە لە هێنانەوەی تەنها لایەنێکی نێگەتیڤی و بەس، بەڵکو دەوڵەمەندی واتایی و سایکۆلۆژی چەمکە تابۆییەکە بۆتە هۆی ئەوەی قسەکەر لە زمانی کوردیدا بواری بۆ بڕەخسێت، کە بەم دەربڕاوە تابۆییانە تەنها لایەنی نێگەتیڤی نەخاتە ڕوو، بەڵکو هەندێکجار بشتوانێت لایەنی پۆزەتیڤی بەخودی دەربڕاوە تابۆییەکە دەرببڕێت . بەم شێوەیە دەبێت چەمکی تابـۆ پێکبێت لە هەردوو لایەنی نێگەتیڤی وپۆزەتیڤی واتە تابۆی ڕێژەیی : کە تابۆی دوولایەن و لێڵیشی پێدەوترێت، هەردوولایەنی ئەرێنی و نەرێنی دەگرێتەوە (شاخەوان جەلال،٢٠١٣،١٤٧) بۆنموونە:(( پێویست ناکات لێی توڕەبیت،(.....) کەسێکی نەزانە، شێوازی قسەکردن نازانێت لەم نموونەیەدا (نەزان،نسلوبی قسەکردن نازانێت )هەم پاساو هێنانەوەیە بەمەبەستی بەرگری لێکردنی هەم خستنە ڕووی لایەنی نەرێنییە، پێویستە بڵێین ،کە ئاوازی دەربڕینەکان ڕێژەی تابۆکە زیاتر ڕوون دەکاتەوە و مەبەستی قسەکەر باشتر دەخاتەڕوو ، بەگشتی چەمکەکانی تابۆی دولایەنە یان وشە تابۆییە ڕێژەییەکان ئەو دەستەواژە و دەربڕاوانە دەگرێتەوە ،کە دەکرێت لایەنێکی نێگەتیڤی و پۆزەتیڤی لێ بخوێنرێتەوە، بۆ نموونە چەمکی تابۆیی ( مردن ) وەردەگرین بۆ ڕوونکردنەوە لە دولایەنیی وشەی مردن لەڕووی تابۆیی و نا تابۆییەوە لەم ڕستانەی خوارەوە

١. ئەو لەباوەشی خودا دایە .

٢. ئەو گۆڕبەگۆڕ بوو.

ئەگەر سەرنجی ڕستەی یەکەم بدەین، ئەوا لایەنێکی پۆزەتیڤی چەمکی (مردن) دەدات بە دەستەوە، کە مەبەست لێی ڕاستە مرۆڤەکە مردوە و گیانی لەدەستداوە، بەڵام چاکە و پیاوەتی کەسە مردووەکە و خۆشەویستی لەلای کەسی قسەکەر بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی، هیچ گومانێکی لانەبێت کە مردوەکە خوای گەورە لە بەهەشتی خۆیدا جێگەی دەکاتەوە. هەروەها ئەگەر لە ڕستەی دووەم بڕوانین دەبینین لایەنێکی ناپەسەند و نێگەتیڤی (مردن) پیشاندەدات، کە ئەویش بریتیە لەوەی یان ئەوەتا مردوەکە زۆر خراپ بووە یانیش کەسی قسەکەر زۆر ڕقی لە کەسە مردوەکە بووە، هەڵسوکەوتی خراپی لەگەڵ کردووە. بۆیە بە بێگومانی جگە لە ڕاگەیاندنی هەواڵی مردنەکەی دەشینێرێت بەرەو دۆزەخ.تاکەکانی کۆمەڵگە زۆرجار خۆیان ڕێژەی تابۆیی چەمکەکان دیاری دەکەن.

**جۆرەکانی تابـۆی زمانی:**

**نەریت و کلتور و پیرۆزییە ئاینییەکان وا لە تاک دەکەن وابەستەی کۆمەڵێک سنوور بێت، کە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی مێژووی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەیان گرتووە بە هەموو لایەنە ئاینی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانییەوە، چونکە دواجار ئەمانە هەموویان کاریگەرییان لەسەر خوو و ڕەوشتی تاکی کۆمەڵگا دەبێت و گیرۆدەی کۆمەڵێک بەها و باوی دەکات کە خۆی بۆ خۆی دانەناوە، بەڵام ژیانی سنورداركردوە، لەسۆنگەی ئەم ململانێیەوە ئەم جۆرانەی تابۆ دێنە کایەوە:**

**1 . تـابـۆی ئـایـنـی:**

**ئەم جۆرەی تابۆ هەموو ئەو دەستەواژە و وشەو دەربڕاوانە دەگرێتەوە ، کە لە ئاینی ئیسلام، یان هەر ئاینێکی باوی هەر کۆمەڵە مرۆڤێکدا قەدەغەن و بەجۆرێک لەجۆرەکان بوونەتە تابۆ و بەکارهێنانیان جێگەی سەرنج و ڕەخنەی ئاینپەروەران و کۆمەڵگە ئاینییەکانە، بۆ نموونە وەکو ئەوەی ناوبردنی پێغەمبەر بێ ( درودی خوای لێبێت) بێڕێزییە، یان لای ئێزیدییەکان لەڕووی ئاینییەوە ناوهێنانی شەیتان بە خراپە گوناهە و تابۆیە، هەروەک لای چینێک لە نەتەوە هیندییەکان سەربڕینی مانگاو بێڕێزیکردن بەرانبەری نەشیاو و تابۆیە. هەروەک دەستەواژەکانی ئەم نموونانە : (فاسیق، ڕیاییکەر ، زیناکەر....) لەخودی پرەنسیپ و ڕێنماییەکانی ئاینی ئیسلامدا بە تابۆ و قەدەغەکراو ئەژمارکراون، هاوکات مرۆڤی پابەند بە ئاینەوە وا پێویست دەکات لە پرۆگرامی نێردراو لەلایەن خودای گەورەوە دەرنەچێت، ئەگەر دەرچوو ئەوا بە (فاسیق) ناودەبرێت.**

**2 . تـابـۆی نـەخـۆشی و مـردن:**

**یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی، کە سەردەمانێکی زۆرە مرۆڤ گیرۆدەی بووە، بابەتی ( نەخۆشی و مردنە، بۆیە دەبینین لەناو کلتوری میللەتانی جیهان بە گشتی و لەناو کلتوری کوردەواریدا بەتایبەتی ئەم بابەتە جێی تێڕامان و بیرکردنەوەی تاکەکانی میللەتەکەمانە هەرچی بابەتی مردنە ئەوا لە هەموو کۆمەڵگایەکدا وشەیەکی بێزراو و جیگەی ترسە، ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ خۆشویستی ژیان و گیان لە لای مرۆڤەکان، بۆیە خەڵکی ئەم وشەیە دەگۆڕن بۆ چەند گوزارشتێکی نەرمتر لە گوێ و سوکتربێت لەسەر دەروون وەکو:**

**(چووە پەنای خودا، کۆچی دوایی کرد، گیانی سپارد ،خودا لێیخۆشبێت).**

**ئەمانە و چەندین نموونەی دیکە ،کە جێگای وشەی مردن دەگرنەوە، هەروەک چۆن ڕاستەخۆ ئاماژە بەناوی زۆربەی نەخۆشییەکان نادرێن وەکو: نەخۆشیەکانی ( سیل، سەرەتان، سورێژە، تاعوون، کۆلێرا، وەرەم، دەردە کۆیان....هتد) لەشوێنی ئەمانە کۆمەڵگا وشەگەلێکی بۆ داتاشیون و بەکاریان دەهێنێت، کە بونەتە هەڵگری واتایی دەربراوە بنچینەییەکانی نەخۆشییەکان بۆنموونە:لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لەجیاتی بەکارهێنانی وشەی ( سەرەتان- شێرپەنجە) دەستەواژەی (دەردە پیسەکە) بەکاردەهێنن.(نایف خرما،١٩٧٨، ٢٠٠)**

**-٣تـابـۆی سـێکسـی:**

**بریتین لە هەموو ئەو دەربڕینە زمانیانەی، کەتایبەتن بە ئەندامانزاوزێی مرۆڤ و بوونەوەرانی دیکە و پرۆسەی سێکسی بەگشتی، کە ئاخێوەران هەوڵدەدەن لە بەکارهێنان و دەربڕینیان خۆیان بپارێزن. سێکس وەک هەست و غەریزەیەکی بەهێز و کارای مرۆیی، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵ**

**هەیە و پرۆسەیەکی زیندوو و چالاک و چێژدارە ، لەم ڕوانگەیەشەوە ئەو دەربڕاوە زمانیانەی پەیوەست دەبن بە ئەندامەکانی زاوزێی مرۆڤ و ئاژەڵەوە و هەموو ئەو دەربڕاوانەی، کە دەربڕی بابەتی کردە سێکسییەکانن مرۆڤ خۆی لێ بەدوور دەگرێت.**

**ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم بابەتەدا ئەوەیە، کە تێڕوانینێکی گشتی لە کلتورەکانی جیهاندا هەیە، کە لە زۆر لایەنەوە هاوشێوەن و ئەوەی پەیوەندی بە ئەندامەکانی زاوزێ و کردە سێکسیەکانەوە هەبێت بە تابۆ لەقەڵەم دەدرێن و لەجیاتیان دەربڕاوەکانی (جوانی دەربڕین ) بەکار دەهێنرێن، لەم ڕوانگەیەشەوە بەپێی کلتوری کورد، هەموو ئەم بابەتانە تابۆن و بەکارهێنانیان لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا نەشاو و ناچیزەیە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر و ئاشنابوون بە هەردوو دەستەواژەی (تابۆی سێکسی) و (جوانی دەربڕین)هەوڵدەدەین کۆمەڵێک نموونە بخەینە ڕوو:**

**(گان ، گون، مەمک، تۆو، قوز، کێر)**

**ئەگەر بڕوانینە ئەم نموونانە بە ڕوونی دیارە کە هەریەکێک لەم وشانە تابۆیەکی سێکسی ڕووتن، بۆیە ئاخێوەری زۆربەی زمانەکانی جیهان هەوڵی خۆ دوورخستنەوە و پاراستنی گوێگر دەدەن لە درکاندنیان هەربۆیە کۆمەڵگەی کوردەواری بەرانبەر هەریەکێک لەم وشانە (جوانی دەربڕین)ەکانی تایبەت بەوانە بەکاردەهێنێت . ئەگەر بڕوانینە نموونەکانی (١تا٦) ئەوا دەتوانین لەبەرانبەر هەریەکێکیان جوانی دەربڕینێک بەکاربهێنین وەکو :**

| | | |
|---|---|---|
| ١- | گان | جوتبوون |
| ٢- | گون | وەتە/باتوو |
| ٣- | مەمک | سنگ |
| ٤- | تۆو | سپێرم |
| ٥- | قوز | دامێن/زێ |
| ٦- | کێر | چووک |

**لەگەڵ بەکارهێنانی ئەم وشە جێگرەوانەدا ئاخێوەری کورد ڕووپۆشێکی جوانتر و ڕێزدارانەتر بەکاردەهێنێت، کە ئەویش دەستەواژەکانی (بیلامانێ، دوور لە ڕووی جەنابتان، پەرژینێکی قایم لەڕووتا... (شاخەوان جەلال،٢٠١٣،١٤٧)**

**-٤تـــابـۆی بـێـرێـزی:**

**لە ئەنجامی بەریەککەوتنی تاک لەگەڵ چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵدا، بە دڵنیاییەوە جۆرە کلتور و نەریت و باوێک دێنە ئاراوە، کە کاریگەریان لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ئاخاوتنی کۆمەڵگا بەجێدەهێڵن، لە ئەنجامی ئەم کاریگەرییانەش جۆرێک لە سنورداركردنی زمان و ڕەوشتی قسەکردنی مرۆڤ دێتە ئاراوە، ئەمەش وادەکات ئاخێوەر بسڵەمێتەوە لە کۆمەڵێک دەربڕاو و ئاماژە زمانییەکان، کە لە چوارچێوەی ئەم کۆمەڵگایانەدا بە بێڕێزی و نەشیاو ئەژمار دەکرێن و لە زۆربەی سەرچاوەکاندا بە ( تابۆی بێڕێزی ) ناودەبرێن .**

**٥- تابۆی شوێن – کات – ژمارە:**

لەسەرەتای پەیدابوونی مرۆڤایەتییەوە، مرۆڤ هەوڵیداوە لە دیاردەکانی دەورووبەری بگات، کە بە کاریگەری (شوێن – کات – ژمارە ) و دووبارەبوونەویان، هەڵویستی گۆڕاوە و بیری نوێی هاتووە بە مێشکدا، لە ئەنجامدا بووە بە خاوەنی ڕووانگەی تایبەتی خۆی بەپێی (ئاین، کۆمەڵ، ڕامیاری، دارایی....هتد) .هەربۆیە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا هەرسێ چەمکی(شوێن – کات – ژمارە ) جۆرە تابۆییەکیان لەخۆ گرتووە، هەروەک لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە :

ر- شوێن :

بەلای مرۆڤەوە شوێن پیرۆزی یان ناچیزەیی وەردەگرێت بەپێی بیروباوەڕو دابونەریتی کۆمەڵگا، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لە کۆمەڵگای کوردی بڕوانین، دەبینین چەمکەکانی ( سەرقەبران، دۆڵ، چەم، گرد، حەمام، ( WCلەم نموونانەی خوارەوە ئاماژە بۆ تابۆی شوێن دەکەن:

- پێ بە قەبرەکاندا مەنێ.
- بڕۆ بەلای دۆڵی باوکتەوە.
- بردی بۆ چەم.
- لە گردەمژە بینراوە.

هەر چەمکێک لە دابونەریتێکی کۆمەڵایەتیدا گونجاو نەبێت ، ئەوا جێگرەوەیەکی بۆ دادەنرێت لەهەمان زمان یان زمانێکی بێگانەبێت وەکوو بەکارهێنانی وشەی( WC) لەژیانی ڕۆژانەماندا، بەگوتراوی یان بە نووسراوی ئاماژەیە بۆ ئەو شوێنە، بۆ ئەوەی هیچ بارێکی شەرم و شەرمەزاری دروستنەکات (شاخەوان جەلال،٢٠١٣، ١٨٤)

ب- کات : مرۆڤ و کات دوودانەی لێکدانەبڕاوی مێژووی بوونی مرۆڤایەتین، هەربۆیە سەرجەم ئەو ڕووداوانەی لەکاتە جیاوازەکاندا ڕوودەدەن بە پێوەرەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لای تاکەکان یاخود دابونەریتە باوەکانی کۆمەڵگا یان بە ناچیز و تابۆ یان بە پیرۆز تەماشا دەکرێن، وەکو:

- بەم هەینییە خۆت گوناهبار مەکە.
- بەم ڕەمەزانە خواردنەوەی چی؟!

ت – ژمارە: ژمارەی ڕوودانی ڕووداوەکان، ئەگەر لە شوێن و کاتی ڕووداوەکان گرنگتر نەبێت، ئەوا بەهێندەی ئەوان گرینگە، چونکە هەندێک لە ژمارەکان ئاماژە دەدەن بە ڕۆژی ڕوودانی ڕووداوە شوومەکان، هەندێکی تریبان وەکو هێمایەک ئاماژە دەدەن بە شوێنە تابۆییەکانی جەستەی مرۆڤ و کردە سێکسییەکان.ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە ژمارەش بەوێنەی شوێن و کات لە ئەفسانەی کۆمەڵ بەدەر نییە، زۆرێک لە ژمارەکان بە تێڕوانینی باوی کۆمەڵ قەدەغەییان پێوە دەردەکەوێت. شیکردنەوەی زیاتری بابەتەکە لە ڕستەکانی (١و٢و٣و٤و٥) بەرچاو دەکەوێت.

١- یەکوپێنجە،دابەزە.( لەیاری دۆمینەوە هەڵگوێزراوە)

٢- هەر خەریکی کولە پێنج بن . ( لەیاری دۆمینەوە هەڵگوێزراوە)

٣- لەپاش ڕاپەڕینی ( ١٩٩١) دا بووبە پیاو.

پەندی پێشینان:

پەندی پێشینان هەمیشە لەلای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینەیە لە کاری ڕەوشت و خووەوە، هەموو ڕاستییەک، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێک، چاک یان خراپ، هەموو گەیشتنە ئەنجامێک کە میللەت گەیشتبێتی، دەربارەی هەرچییەکبێت دەچێتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە(عزدين مستەفا،٢٠٠٩، ٩)

پەندی پێشینان بەشێکە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر، زۆرینەی خەڵکی لە کۆڕ و دانیشتنە تایبەتییەکانی خۆیانەوە دووبارەی دەکەنەوە، دەیکەنە یاسا وبنەمای ئەوتۆ فەلسەفەی ژیانی خۆیان لەسەر دادەمەزرێنن، لەم ڕووانگەیەوە بۆ شتەکان دەڕوانن، بەهۆیانەوە لەکاتی ئەنجامدانی هەرکارێکەوە هەر لە سەرەتاوە دەست بەهەندێ بیری پێشینە دەگرن، کە تەسلیمی دەبن و بڕوای پێدەکەن، بۆیە ئەو پەندانە کاریگەری گەورەیان هەیە، لەسەر دەروون و زۆرینە واتە پەندی پێشینان: بیرێکی جوان و پوختەوێکی دەروونە، هەندێجار لەدڵێکی ئاوەدانەوە هەڵئەقوڵێ، بۆ سەردەم و زبانێکی ڕەوان لەکاتی دووان، یان دوای ڕووداوێک ، کە ڕوویدات، لە پاشا زۆر بەخێرایی دەماو دەم ئەکەوێ و بڵاو ئەبێتەوە، وە پشتاو پشت ئەگێڕێتەوە، لەبەر جوانی و ڕێک وپێکی خۆی ، تا نموونەی ئەوشتەی کە پەندەکەی تیا وتراوە، ڕوو ئەداتەوە، ئەو حەڵە خاوەن مەبەست پەندەکە ئەخوێنێتەوە، بۆ بەهێز کردنەوەی قسەکەی، یان ڕووناک کردنەوەی باسەکەی (خال، ٢٠١٤، ٨)

جۆرەکانی تابۆ لە پەندی پێشیناندا

ئەگەر سەرنج بدەینە پەندی پێشینان لە فۆلکلۆری کوردیدا، ئەوا دەبینین بەدەرنین لە بەرکارهێنانی وشە تابۆکانی کۆمەڵگا، جا شوێن و کاتی بەکارهێنانی شیاو بێت یان نا، ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری(کۆنتێکست) گفتوگۆکە و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە پەندەکەی تێدا بەکاردێت. جێی خۆیەتی ئەوە بخەینە ڕوو، کە دەکرێت کۆمەڵێک لەو پەندانەی وشەی تابۆیان تێدا بەکارهاتووە ڕێی تێدەچێت لە دەوروبەر و بارێکی گفتوگۆدا گوترابێت کە بۆ ئەو کات وشەکان تابۆ نەبووبن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و گواستنەوەی ئەو پەندانە لەسەردەمێکی مێژووییەوە بۆ سەردەمێکی تر، شێوە و سیمای تابۆییان وەرگرتووە، جا لێرەدا بەپێی جۆرەکانی تابۆ لەبەشی یەکەم کۆمەڵێک پەندی پێشینان لەژێر چەتری ئەو جۆرانە ڕووندەکەینەوە:

١- لە تابۆی ئاینی:

وەک لەبەشی یەکەم ئاماژەمان پێکردووە، تابۆی ئاینی ئەوجۆرانە دەگرێتەوە، کە لە ئاییندا ناچێزەوقەدەغە و ڕێ پێ نەدراوە، بۆنموونە:

( بۆ فاسق، گەزۆ ئەبارێ" بە پیاوی خراپی بەختیار ئەوترێت وەک دەبینین لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا وشەی (فاسیق) هەمیشە تابۆ و جێگەی سەرنج بووە، بۆیە ئەو کەسانەی کە خراپ و خاوەنی کردەوەیەک بوونە دژ بووە لەگەڵ باوی کۆمەڵگادا ئەوا بەپێی پێوەرەکانی ئاینی ئیسلام ، وشەی تابۆیان بەسەردا داتاشیوە. یان کوردەواری دەڵێت:

( لە کفری فیرعەون، مەشهورترە" فیرعەون پاشای میسر بووە ،لەکاتی موسا پێغەمبەرا ، خۆی بەخوای میسر زانیوە، هەرچەن موسا لەگەڵیان خەریکبووە، کە بڕوابێنێ بە خوای ئاسمان و زەوی و پێغەمبەرێتی موسا ، بڕوای نەهێناوە، تا لەدواییدا لە دەریای سووردا خنکا، ئینجا قورئان باسی بێبڕوایی فیرعەون ئەکا و لەدوای شەیتان هیچ پیاوخراپێک بەقەد فیرعەون ناونەبراوە لەقورئانا بە خراپە، هەرچی ناوی موسای پێگەیشتبێ، ناوی بێبڕوایی فیرعەونیشی پێگەیشتووە هەرلەبەر ئەمەیە کفر و بێبڕوایی لە کۆمەڵگەی ئاینپەروەری کوردیدا بووە بە تابۆ وەکو نموونە بۆ شتە ئاشکرا و ڕوونەکان دەهێنرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ، کە بێبڕوایی هەمیشە وەکو بەیداخێکی ناپەسەند گوزارشتی لێکراوە. هەندێک کردەوەش، بە پێوەری ئاینی دەچنە بازنەی تابۆوە کە بەشێکن لە کردەوەی فاسق-لەڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە- هەروەک لەم پەندەدا جۆرە کردەوەیەک جێگای تێرامانە:

( كلاوی بکەوێتە مزگەوت، بەگۆچان دەریئەهێنێ ) سەبارەت بەو کەسانە وتراوە، دوورن لە مزگەوت و خواپەرستی. ئەمەش لە کۆمەڵگەی ئایندۆستی وەکو کۆمەڵەی کوردی کارێکی نەشیاوە و دژ بە باوی کۆمەڵگەیە، کەسێک ئەگەر کلاوی خۆی بە گۆچان لە مزگەوت دەربهێنێت، ئەوا بێگومان بۆ هیچ خواپەرستی و کردەوەیەکی ئاینی سەردانی مزگەوتیش ناکات.(( نەقڵی کفر، کفر نییە ))لەم پەندەدا تاکی کورد ئەوەندە دژە کفر و بێباوەڕییە، تەنانەت گواستنەوەی کفرێک لەسەر زاری کەسی سێیەمەوە بۆ کەسی دووەم بە کارێکی تابۆ و قەدەغەکرا و دەزانێت، هەر بۆیە پەندێکیان بۆ ئەم بابەتە داڕشتووە تا خۆیان لە تابۆیی بپارێزن .

-٢ لە تابۆی نـەخـۆشـی و مـردن :

نەخۆشی و مردن ئەو دوو ناوەن ، لە کلتوری زۆربەی نەتەوەکانی جیهاندا شێوە تابۆییەکییان وەرگرتووە، قسەکەران زۆرجار خۆیان بەدوور دەگرن لە بەکارهێنانی و وشەی جێگرەوەیان لەشوێن دادەنێن، کوردیش ڕەچاوی دەوروبەر و ژینگەی گفتوگۆی کردووە، بەڵام پەندەکانیش بەدەرنین لە بەکارهێنانی ئەم جۆرەی تابۆی نەخۆشی و مردنە بۆنموونە: " نەخۆشبوم و چابوومەوە، دۆست و دوژمن لێکبوونەوە" ، بەکەسێک دەڵێن تووشی ناخۆشیەک ببێت و دۆست و نەیارانی بۆ دەربکەوێت )) (عومەر شێخەڵا ، ١٩٧٢، ٨٤) لەکاتێکدا کوردەواری دەیتوانی لەشوێنی بەکارهێنانی وشەی نەخۆشی وشەی تری بەکار بهێنایە، بەڵام نەخۆشی هەمیشە جێگەی سڵەمینەوە و دوورکەوتنەوەی هاوڕێ و خزم و دۆستانە، لەمەوە ڕوون دەبێتەوە کە وشەی ( نەخۆشی ) بۆ خۆشی تابۆیە نەک هەر جۆرەکانی. ((ڕەنگ زەردی وەک مردیان ، چارە ناکرێ بە نوشتیان ))(( هۆشیار لەک، ٢٠١٢، ٧٦) بۆ خۆپاراستن لە ئاماژەکردن بە ناوی نەخۆشییە کوشندەکان، کوردەواری هەوڵیداوە نیشانەکانیان بدرکێنێت، لەم پەندەدا گوزارشتکردن لە نەخۆشییەکان بە ئاوەڵناوی" ڕەنگ زەرد" داپۆشراوە. لە بنچینەدا ئەم پەندە بۆ ئەو کەسانە بەکارهاتووە، کە نەخۆشییەکی کوشندەیان گرتووە و ئومێدی باشبوونیان لێ چاوەڕوان ناکرێت، لەم پەندەدا ئاماژە بە وشەی" مردن " کراوە کە جۆرێکە لە تابۆ و بەستراوە بە هۆیەکەوە کە ئەویش "نەخۆشیە" لە کلتوری کوردەواریدا مردن هەمیشە جێگەی داخ و ئەفسوسە بۆیە گوتوویانە :

-١ لـە تـابـۆی سـێـکـسی:

لەڕووی بەکارهێنانەوە گەورەترین پانتایی لە ڕووبەری ئاخاوتنەکانی کۆمەڵگە داگیردەکات، ، لێرەدا ئێمەش ئەوپەندانە ڕیزدەکەین کە بەجۆرێک لە جۆرەکان وشە قەدەغەکراوەکانی کۆمەڵگەی تێدا بەکارهاتووە، کە خۆی لە ئەندامانی زاوزێی مرۆڤ وگیانەوەران و کردەی جووتبون دەبینێتەوە بۆ نموونە : (( " گانی دەوڵەمەند جلێ لەبانی، گانی بێوەڵەت عالەم پێی زانی)) " (خال، ٢٠١٤، ٣٨٥)

لە نموونەی یەکەمدا وشەی (گان) کە تابۆیەکی سێکسییە وەکو ئامرازێک بەکارهاتووە بۆ ڕوونکردنەوەی باری ئەوکەسانەی لە کۆمەڵگەدا بەدبەخت و چارە ڕەشن، ئەمەش لە ڕوانگەی پێچواندنی عەیبوعاری خەڵکی بە تابۆیەک کە لەناو کۆمەڵگەدا قەدەغەیە وتراوە، بەومەبەستەی ئەگەرچی کردەی (جوتبوون) لەنێوان هاوسەراندا کارێکی پەنهان و نهێنییە، کەچی گەر هی پیاوی بەدبەختبوو ئەوا خەڵکی هەمووی پێیدەزانێت

بەشێکی دیکەی تابۆ(تابۆ زمانییەکان) ئەمیش ئەو کردەوانە دەگرێتەوە کە لە کۆمەڵگادا قەدەغە و بێزراون وەکو:

( حیزی و قەرزداری قەت لەبیر ناچن"

"درۆزن دوژمنی خوایە"

"دز بازاری شێواوی دەوێ"

**كلتوری کوردەواری بۆ هەریەکێک لەو کردەوە ناشرینانە پەندێکی داتاشیوە و هەوڵی داوە لە ڕێگەی ئەم پەندانەوە سەرزەنشتی ئەو ڕەوشتانە بکات کە ناچیزە و بەدناون، بەڵکو تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیان بەدوور بگرن لەو خووە خراپانە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک مەبەستی تریان بەهۆی ئەم پەندانەوە پێکاوە ئەگەرچی هەندێ وشەی پەندەکانیش تابۆن و بۆ زۆرێک لە کۆنتێکستەکانی گفتوگۆ دەستنادەن و قەدەغەن.**

**ب-بەکارهێنانی میتافۆری ناوی ئاژەڵەکان:**

**پەندە کوردییەکان ژمارەیەکیی زۆر لە میتافۆرییان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە، کە پێکهاتووە لە بەکارهێنانی ناوی ئاژەڵەکان، کە واتایەکی شاراوەیان لێ بارکراوە ، ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مرۆڤی کورد سەردەمانێکی دوور و درێژی لەگەڵ بەکارهێنانی ئاژەڵەکاندا بەسەر بردووە، لەم دەروازەیەوە هەست بەبوونی کاریگەری دەکەین لە بەکارهێنانی ناوی ئاژەڵەکان لەجیاتی پەسنی ڕاستەوخۆی مرۆڤەکان . وەکو:**

**( مەڕی بێ شوان گورگ دەیخوات" " مەڕی کەڕە دووجار دەڕەوێتەوە ، جارێک لەگەڵ مەڕان، جاریکیتر کەزانی گورگە هات" مانای میتافۆری ( مەڕ) لەم پەندانەدا لە شوێنی وشەی ( گێژ و گەمژە) بەکارهاتووە هەروەک وشەی(حوشتر)یش بۆ هەمان مەبەست لەم پەندەی خوارەوە بەکارهاتووە:**

**" ))حوشتر و قەزاِیان نەوتووە"، بە یەکێک ئەوترێ، کەلەگەڵ ئیشێکا خەریکبێ، کە هیچی لێ نەزانێ)) (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٨٥) لەپەندی کوردیدا وشەی (کەر)یش بۆ ئەو کەسانە بەکارهاتووە، کەخاوەنی هێز و بازووەیەکی بەهێزن ، بەڵام ئاوەز و مێشکێکی لاوازیان هەڵگرتووە، هەروەک کوردەواری دەڵێت:**

**( کەر بە باری سوکەوە نازانێت ڕێبکات "، بەنەزانێکی منەتبار ئەوترێ، کە کەوتبێتە حەسانەوەیەکەوە، نەزانێت هەڵسوکەوتی تیابکات )(عومەر مەعروف،٢٠١٠،٢٤١)**

**هەروەها (شێخ مەحەمەدی خاڵ) کۆمەڵێک پەندی بۆمان گواستووەتەوە، کە زۆرترین ئاژەڵ تیایاندا بەشداربووە، بەپێی توانا هەندێکیان دەخەینەڕوو:**

**- ئەڵێی ئەسپی بۆ زینکراوە .**

**- ئەڵێی جاشکی ماکەرێکن.**

**- ئەڵێی حوشتری ناو پەمووە.**

**- ئەڵێی ڕۆنی سەگ ئەدەن لە لەشی.**

**- ئەڵێی گەنەی گونی گایە.**

**- ئەڵێی گیسکی ناو دێیە.**

**- ئەڵێی مریشکی ئاشەوان**

**ئەمانە و چەندان پەندی دیکەی کوردی کە پڕن لە ناوی ئاژەڵ و بۆ مەبەستێکی میتافۆری بەکارهاتوون**

**- ٤تابۆی شوێن – کات – ژمارە/**

لەپەندە کوردییەکاندا جۆرە تابۆیەکی ترمان بەرچاو دەکەوێت سەلمێنەری ئەوەن، کە کلتوری کوردەواری هەندێک لە شوێن و کات و ژمارەیان بە تابۆ و قەدەغەکراو زانیوە و خۆیان لێ لاداوە، چونکە بە درێژایی ژیانکردن و بەرزونزمی ئاستی ڕۆشنبیری و تەوژمە سیاسییەکان کۆمەڵێک کاریگەرییان بەسەر تاکی کوردەوە جێهێشتووە و ئەم چەشنەی تابۆیان لێکەوتۆتەوە بۆ نموونە ئەم پەندانە:

- شـــوێـن/

" )) - حەمام بەتڕ، گەرم نابێت "

" -دەڵێیت حەمامی ژنانە) (زەکیە رشید،٢٠١١، ٨٧)

هەرچەندە وشەی حەمام لە نموونەی یەکەمدا وشەیەکی تابۆیە، بەڵام مەبەستێکی دیکە لە پشت دانانی وشەکەوە هەیە ئەویش هەوڵدان و ماندووبونە(( کەوابێت هیچ شتێک بێ ڕەنج و هیلاکی بەرهەمنایەت) (سەرچاوەی پێشوو: ٩٩) هەروەها لە دووەمدا دەبینین وشەی ( حەمام ) وەکو شوێنێک بەکارهاتووە و کۆڕێکی دانیشتنی پێچوێنراوە کە ژاوە ژاو و دەنگەدەنگ و هاتوهاواری تێدا بەدیبکرێت.

کـــات/ هەرچی ئەو وشانەیە کە پەیوەندیان بە تابۆیی کاتەوە هەیە، کۆمەڵی کوردەواری پێی باشنەبووە هەندێک کار و کردار لەو کاتانەدا ئەنجام بدات، جا لەترسا بووبێت یان لەڕووی شەرم و عەیبەوە جێگەی تێرامان بووبێت ، هەروەک لەم پەندەدا ئەم مەبەستانەمان بۆ دەردەکەوێت شەممە بار و شەممە کار، هەر بوکی تیامەکە سوار"، واتە هەموو کارێک لەڕۆژی شەموانا پیرۆزە، بوک گواستنەوە نەبێت، کە ئەم پیرۆزییە لە شەوی هەینیدایە.

- ژمـــارە/

هەروەها لەو ژمارانەی کە تابۆن لەکۆمەڵگەی کوردیدا، کۆمەڵێک داتاشراوە و کراون بە ئامۆژگاری بۆ نەوەکانی داهاتوو، وەک:

( کاری حەفتە، بەختی چەفتە" واتا ئەو پەندە بۆ کەسێکە کە هەرکارێک دەکات تێیدا سەرکەوتوو نابێت، چونکە دوودڵ و ڕاڕایە، لەسەر کارێک بەردەوام نابێت، یان هەندە بێبەختە دەست بۆ زێڕ دەبات لێی دەبێت بە خۆڵ))(خال،٢٦٧،٢٠١٤) چونکە لەڕووی کار و کەسابەتەوە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر گۆڕینی پیشە و کاسبی باش نییە و شێوەیەک لە قەدەغەکراوی پێوەدیارە، بۆ ئەم مەبەستەش ژمارە ( حەوت) بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت کە لە هەموو پیشەیەکدا کاردەکات بۆیە زۆرجار بە ( کاکی حەوت ئیش )یش ناودە برێت کرنگە ئاماژە بەوەش بکەین ، کە ئەم جۆرەی تابۆ کە (تابۆی ژمارەیە) بەشێوەیەکی ڕوون و ڕاشکاوانە وەک لە بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییە سادەکەدا هەیە لە پەندی کوردیدا دەرنەکەوتووە بۆ نموونە : ( ناوچەوان سیانزە) یان هەر ژمارەیەکی تری تابۆ لە کلتووری کوردیدا.

ئـــەنـجـام

١.ئاستی ڕۆشنبیری و پلەی خوێندەواری تا رادەیەک کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکان هەیە .

٢. تابۆی کۆمەلایەتی بەپێی پێوەر و پرەنسیپەکانی دینیی و سێکسیەوە داتای تابۆیی دروستدەکەن

٣. لەپەندی پێشیناندا بەشێوەیەکی فراوان تابۆی ئاینیی و سێکسیی بەکارهاتووە چونکە داتاکان ئەوە دەسەلمێنن هەر پاڵنەرێک ریزبەندی تابۆکان دیاریدەکات .

٤. کۆمەڵێک سنوور و قەدەغەکراوی کۆمەلایەتی ئاشکرا دەبن و ئاخێوەری کورد سوودیان لێوەردەگرێت بۆ خۆپاراستن و نەبەزاندنیان.

٥. زۆرێک لە جۆرەکانی تابۆی کوردی بەهۆی تێپەڕبوون و گۆڕانی باری کۆمەڵایەتییەوە درووستبوون و ئەکرێت ڕۆژگارێک بێت بەهۆی ڕووداوەکانەوە خودی زاراوە تابۆکان پێچەوانەببنەوە.

## لیستی سەرچـاوەکان

### کتێب بە زمانی کوردی :


١. ڕاستگۆخەلیل گوڵعەنبەری، پەندی پێشینان لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی پەیوەند،چاپی یەکەم هەولێر،٢٠١١. .

٢ .شاخەوان جەلال فەرەج، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، چاپخانەی بینایی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣.

٣. شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، پەندی پێشینان و هەندێ زاراوەی کوردی-ئینگلیزی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٤. شێخ مەحەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان،چاپخانەی شڤان، چاپی پێنجەم، سلێمانی، ٢٠١٤.

٥. عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی بڵاوکەرەوەی کوردستان، چاپی دووەم، سنە، ٢٠١٦.

٦. زەکیە ڕەشید محمد ئەمین،کۆمەڵێک پەندوئیدیۆمی کوردی،چاپخانەی لەریا،چاپی یەکەم،سلێمانی، ٢٠١١

.٧عەلی مەعرووف شارەزووری، پەندی پێشینان، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

.٨عومەر شێخەڵلا دەشتەکی، پەندی کوردی، چاپخانەی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٧٢.

.٩عیزەدین مستەفا رەسول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، سلێمانی،١٩٧٩.

.١٠هۆشیار نوری لەک، گوڵبژێرێک لە پەندی کوردی،چاپخانەی چوارچرا، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠١٢.

.١١هێمن عەبدولحەمید شەمس، پەیوەندی و کارلێکی زمان و بیر تابۆی سێکسی بەنموونە، گۆڤاری زانکۆ، بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە ٣ ، کۆیە، ٢٠١٨، .


### زمانی عەرەبی:


.١نایف خرما، اجواء على دراسات اللغويه المعاێره، عالم المعرفه، طبعه الاولى، كويت، ١٩٧٨.

٢. لمى فائق جميل العانى، الكلام المحضور(اللامساسTaboo)، مجله كليه الآداب ، عدد ١٠١، بغداد، ٢٠١٢، ٢٣٩


### زمانی ئینگلیزی:


Culture(A French- ،Linguistics،N.(٢٠٠٥)Translation ،١. Nigel Armstrong British Library Cataloguing in ،English Handbook) PuplicationData .

Taylor ،Volume١ ،Encyclopedia of linguistics،P.(٢٠٠٥)،٢. Philipp Strazny New York . ،francis books

**Research Summary**

**The research is entitled (the taboo words in the aphorisms), the research aims to reveal the forbidden phenomena in the aphorisms in the Kurdish language.**

**From the perspective of sociolinguistics, every language has a set of forbidden words that its users cannot be free, fluent and easy to deal with, because it is forbidden to speak them prominently and understandably, so alternative words can be used so that speakers can use them freely and easier. There are many examples of these forbidden words in the Kurdish sayings. One of the most important objectives of this research is to discover those words.**

**The importance of the research lies in its quest to reach the forbidden words in their historical-social context, that is to say, the search for forbidden words in the Kurdish society in their historical context, and for this it required adopting the historical research method as a basic method to reach the structure of those forbidden words, and then describing those words according to their context. historical and social.**

**The research is divided into two parts. In the first part of the research, we presented the concept of the term forbidden words, their definition and types. In the second section, the research dealt with the aphorisms as a sample and to display the forbidden words, where the types of forbidden words in the aphorisms were presented.**